

# لیدسۆن چیرۆکێکی مرۆڤایەتی سەرنجڕاکێشە

**هیچ یاریزانێك ئەوەندە لە پورتوگال قسە و باسی لەسەر نەكرا بەقەد ئەوەی لەسەر بە رەگەز بەرازیلی لیدسۆن کرا، لەو کاتەی رەگەزنامەی پورتوگالی وەرگرت کە دەبێتە سێیەمین یاریزانی بەرازیلی دوای دیکۆ و پیپی، جەماوەر و دەزگاكانی راگەیاند لەو وڵاتە ترسیان لە ناوی هەڵبژاردەی وڵاتەكەیان لێنیشت کە ناسنامەی خۆیان لە دەست بدەن و پشت بە یاریزانی دەرەکی ببەستن، لیدسۆن سەرەتا بە پای پەتی لە کۆڵانەکان یاری دەکرد و ئێستاش ئاوات و هیوای پورتوگالیەکانە مۆندیالی داهاتوو و سەرەڕای ئەوەی خاوەنی کریستیانۆ رۆناڵدۆی گرانترین یاریزانە لە جیهان ئێمەش لەبەر گرنگی ئەم راپۆرتە بە پێویستمان زانی لە فایلی وەرزشی بڵاوی بکەینەوە.**

### سەرەتای ژیانی لیدسۆن

ئەم یاریزانە هەر لە منالیەوە تا گەورە بوونی چەندین کاری جۆراو جۆری کردووە و لە ژیانی بە چەندین قۆناغی سەخت تێپەڕیووە سەرەتا کاری بەرد بڕینی کردووە و دوایی کرێکاری خانوو پاشان کاری میکانیکی ئەنجامداوە دواتر کارمەندی سوپەرمارکێت بووە ئینجا بوویتە پاسەوانی خانوو.

### ژیانی وەرزشی

ژیانی ئەم یاریزانە بۆ ٢٢ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و ئێستاش بەردەوامە و چەندین یانەی کردووە تا لە لیشبۆنەی پورتوگالی جێگیر بووە و پێشتر بۆ یانەکانی فلامینگۆ و کۆرنسیانز یاریکردووە، ئەم یاریزانە ئاواتی سەرەکی گۆڵ تۆمارکردن بووە و کۆی گۆڵەکانی گەیشتۆتە ٩٨ گۆڵ و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دیکۆ و پیپی نییە و هەموویان دوو رەگەز نامەیان هەیە، ئەم یاریزانە زۆر شەرمنە و تایبەتمەندی خۆی لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی هەیە، باوکی لە دوورگەی باهیا لە بەرازیل هاتووتە دونیاو دایکیشی لە شاری گارابوایە و باوکیشی لە گامبۆبوە کە دوو شاری گەشت و گوزاریە لە بەرازیل رۆژی ١٧ی دیسێمبەری ١٩٧٧ ئەستێرەیەکی دیکەی بەرازیلی چاوی بە دونیای وەرزشی هەڵهێنا.

### ژیانی برسیەتی

ڤالنسیا شارێکی بچووك بوو کە ١٥٠ هەزار کەسی لێ دەژیا و بە پاس بە دوو کاتژمێر و بە ئۆتۆمبێل بە ٤٥ خولەك لە شاری سلڤادۆر دوور بوو و دانیشتووانەکانی هەژار بوون و خەڵك لەو ناوچەیە بە پایسکیل و ئەسپ هاتووچۆیان دەکرد و بە دەگمەن خەڵکانێك بە ئۆتۆمبیل دەچوونە ئەم شارە، لیدسۆن لە گەڕەكێك دەژیا بە ناوی پۆلیڤا و خانووەکەی لە رەشماڵێك پێکهاتبوو کە بەدار داپۆشرابوو زۆر هەژار بوو تەلەفزیۆن و ساردکەرەوەشی نەبوو و ماوەی چوار ساڵ لەو شوێنە ژیانی بردە سەر و دوای ٨ ساڵ چووە خانووەیەکی کە بە بەرد دروستکرابوو، لیدسۆن لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا دایکی تەڵاقدراوە، باوکی لە مەشقی رۆژانەی بەشداری دەکردوو و هاوکاری دەکرد و باوکی فێری دەکرد کە بە قاچی چەپی یاری بە تۆپ بکات تا گەیشتە رادەی ئەوەی لەگەڵ برادەرەکانی خۆی پاڵەوانیەتی رێکبخەن لە نزیك کەنارە دەریاییەکان ئاستی ئەم یاریزانە بەرەو باشی رۆیشت تا لە تازەپێگەیشتووانی یانەی فیتۆریا لە باهیا داواکرا ئەو کاتە زۆر خۆشحاڵ بوو و چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بە تەلەفۆن یەکەم پیرۆزبایی لە خۆشەویسترین کەس پێبگات ئەویش باوکی بوو، خۆشەویستی ئەم یاریزانە بۆ تۆپی پێ توانی بەسەر هەژاری و غەم و بێزاری کەس و کاری زاڵ بێت.

### کاری رۆژانەی

ئەم منداڵە کاتی خوێندن و یاریکردن و یارمەتی دانی دایکی دابەشکردبوو و هەوڵی دەدا هاوسەنگی لە نێوانیان بکات، بەڵام دوای تەواوکردنی پۆلی حەوتەم نەیتوانی بەردەوام بێت لە خوێندن بەهۆی سەرقاڵی بوونی لە تۆپی پێ و دایکی توانی نهێنیەکانی ئاشکرا بکات و چەند جارێك جل و بەرگی وەرزشی لەژێر جل و بەرگی قوتابخانە لێگرد، بەڵام دایکی نەبووە بەربەست، لیدسون کە تەمەنی گەیشتە ١٤ ساڵی چەندین کاری گرانی ئەنجامداوە لەوانە کرێکاری خانوو و پاسەوانی و میکانیکی کە هەفتانە ٦ یۆرۆی وەردەگرت کە دەیکردە ٢٠ ریالی بەرازیلی ئەمەش وایکرد کە لە خوێندن و تۆپی پێ دووركەوێتەوە پاشان برادەرێکی



گوڵان
ژمارە (٧٥٩)
٢٠٠٩/١٢/٧

خۆشەویستی داوای لێکرد کە کار لە سوپەر مارکێت بکات ئەویش بەو کار رازی بوو لیدسۆن لێرەوە چانسی دەستی پێکرد چونکە خاوەنی سوپەر مارکێتەکە شێتی تۆپی پێ بوو و هەرکەسی وەرزشوان نەبووایە لای خۆی کاری پێ نەدەکرد خاوەن کارەکەی لیدسۆن تیپێکی هەبوو کە ئاستی زۆر خراپ بوو و داوای لێکرد یاری بۆ بکات و ئەویش بە دوو دڵیەوە رازی بوو، چونکە نەیدەتوانی ئەم کارە بەجێبهێڵێ و کارەکەی لیدسۆن لەو شوێنە ئەوەبوو کەل و پەلی بۆ کڕیارەکان دەگوازستەوە ئۆتۆمبێل یان بۆ ماڵەوە و پاش ماوەیەك مووچەکەی بۆ ١٠٠ ریال بەرزبوۆە، رۆژانەش ئامادەی مەشقی خۆی دەبوو لە یارییەکانیش ئاستی بەرەو باشی دەڕۆیشت تا خاوەن کارەکەی مووچەی بۆ ١٣٠ ریال بەرزکردەوە، پاشان خەڵاتی باشترین کارمەندی لە سوپەر مارکێت وەرگرت کە بریتی بوو لە تەلەفزیونێکی رەنگا و رەنگی ١٦ عقدە، لە ساڵی دووەمی کارەکەی لە سوپەر مارکێت توانی پلەی یەکەم بۆ تیپی خاوەن کارەکەی وەربگرێ و ٢٤ گۆڵ تۆمار بکات و ناوبانگی بە ئەدرێسی ژمارە ١١ دەرکرد.

## ماسی دوو جەرگ

پاش ئەو ئاستە بەرزەی چەندین بۆندی بۆ هات کە بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکان بکات، بەڵام لیدسۆن چاوەڕوانی گەورەترین بۆندی دەکرد، خاوەن کارەکەی موچەی بۆ دوو ئەوەندەی خۆی بەرزکردەوە، لیدسۆن دوای چوار ساڵ لە کارەکەی لە سوپەر مارکێت بڕیاریدا ئەو شوێنە بە جێبهێڵێ دوای ئەوەی لە هەڵبژاردەی ڤالنسیا داواکرا، لیدسۆن بە چەند نازناو ناوزەند کرا لەوانە (ماسی دوو جەرگ) و ( ئەسپی بچووك) و (خاوەنی قاچی گەورە) کە زۆر شانازی بە (ماسی دوو جەرگ) دەکرد، پاشان رooیکردە یانەی سانتاکاسا، بەڵام راهێنەرەکەی رازی نەبوو چونکە لەو تەمەنە یاریزانی پیشەگەری پێویست نەبوو، پاشان سێ بۆندی بۆ هات لەوانە یانەی بۆکاس کە لە پلە یەك یاری دەکرد، لیدسۆن بە پاسێك سەفەری کرد کە ٦ کاتژمێری خایاند واش چاوەڕوان بوو کە بەرپرسان لە پێشوازی دەبن، لەگەڵ گەیشتنی کەس لەوێ نەبوو نیو کاتژمێر مایەوە و بە هەمان پاس گەڕایەوە و ناچار بوو لە نیوەی رێگا دابەزێ، چونکە ماوەی پلیتەکەی تەواو بوو و بە ناچاری لە هۆتێلێکی هەرزان خەوت، بەڵام ئەم مانەوەیە خێری هەبوو و پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ هات لە برادەرێکی کە داوای لێبوردنی لێکرد بۆ ئەو شتەی روویدا و داوای لێکرد بگەڕێتەوە بۆکاس ئەمجارە هەموویان لە پێشوازی دابوون.

## ئەلساڤادۆر

سەرەتا داوایان لێکرد بە بڕی ٣٠٠ ریال کە دەکاتە ١٠٠ یۆرۆ یارییان بۆ بکات، بەڵام رازی نەبوو پاشان بۆیانکردە ١٣٠ یۆرۆ لە مانگێك، لیدسۆن شوێنی حەوانەوەی لە بارەگای یانەکە بوو لە ژوورێك چوار یاریزانی تێدابوو، کار نەرەخسا یەکسەر بچێتە تیپی یەکەم و لەگەڵ هاتنی راهێنەری نوێ رازی بوو لە پێکهاتەی یەکەم یاری بکات ئەویش ساڵی ٢٠٠٠ بوو و لە ٢٣ی ئەبریلی هەمان ساڵ توانی یەکەمین گۆڵی پیشەگەری تۆمار بکات، پاشان هەلێکی زێڕینی بۆ رەخسا لەگەڵ ٥٠ یاریزان سەفەر بکات کە فیفا داوای کردبوون بچنە قورتۆبە و بەشداری لە کردنەوەی ناوەندی مەشق بکەنەوە، لیدسۆن بەرامبەر ئەم بەشداریکردنە ٣٠٠ یۆرۆی وەرگرت و ئەمەش یەکەمین جاری بوو بە فرۆکە سەفەر بکات، لەو کاتە پیاوێکی ئەمەریکی داوای لە لیدسۆن کرد کە یاری بۆ یانەی دی سی یۆنایتدی ئەمەریکی بکات بەرامبەر ٣٠ هەزار یۆرۆ، بەڵام راهێنەرەکەی رازی نەبوو بە ناچاری گەڕایەوە ڤالنسیا، بەڵام پەیوەندییەکی دیکەی تەلەفۆنی بووە هۆی گۆڕانی ژیانی و داوایان لێکرد یاری بۆ قورتوبە بکات بە بڕی ١٥٠٠ یۆرۆ لیدسۆن بەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو، چونکە یاری بۆ یانەیەکی گەورە دەکات، بۆندەکەی لەو یانەیە بۆ ماوەی ٦ مانگ بوو، پاش ئەو ماوەیە هەمان یانە داوای کرد کە بۆندەکەی نوێ بکاتەوە بە بڕی ٦٠٠٠ هەزار یۆرۆ و خەونە کۆنەکەی هاتە دی و ئۆتۆمبێلێکی جۆری گۆڵفی کڕی و سەرەڕای ئەوەی مۆڵەتی فەرمی لێخوڕینی نەبوو.

## ساردی لیدسۆن

دوای چاوەڕوانێکی یەکجار زۆر بۆندێکی بە بڕی ١٠ هەزار یۆرۆ مانگانە چووە یانەی فلامینگۆ لەبەر کێشەی ئابووری، یانەی فلامینگۆی بەجێهێشت و بە بڕی ٢٢ هەزار یۆرۆ روویکردە یانەی کۆرینسیانز و دوای ئەوەی توانیان پاڵەوانیەتی هەرێمی ساوپاولۆ بە دەست بهێنن پاشان لە ئۆکرانیا داواکرا و لەو کاتەش لیدسۆن خەونی بە هەڵبژاردەی بەرازیل دەبینی، بەڵام لە سەردەمی راهێنەر کارلۆس ئەلبەرتۆ داوا نەکر.

لیدسۆن زۆر بیری لە بۆندی یانەی دینامۆکێفی ئۆکرانی دەکردەوە، سەرەتا دوو دڵ بوو بە هۆی جیاوازی رۆشنبیری و ساردی کەش و هەوای ئەو وڵاتە، بەڵام ٣٥ هەزار یۆرۆ لە مانگێك ئەم هەموو شتەی لە بیر بردەوە و سەفەرەکەی زیاتر لە ٢٠ کاتژمێری خایاند و لەگەڵ گەیشتنی خۆشحاڵ بوو، چونکە یەکەمین یاریزانی رەش پێست نەبوو لەو یانەیە، پاش ئەوەی بۆندەکەی سەرکەوتوو نەبوو جارێکی دیکە گەڕایەوە ڤالنسیا پاش ماوەیەکی کورت بۆندێکی لە یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنەی بۆ هات و ئێستاش بەردەوامە کە سەرەتا تێدا خۆشحاڵ نەبوو پاشان بەشداری لە یاری جامی ئەلویفا کرد دژی یانەی مالمۆی سویدی و گۆڵێکی بەسەر تۆمار کرد، لە هەمووی سەیرتر لیدسۆن بە درێسی پیتی (S)ی ئینگلیزی یاری کرد کە بە پێچەوانە نووسرابوو ئەمەش هەڵەیەکی کارگێڕی بوو و هەڵیاندا ئەو هەڵەیە راست بکەنەوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو کە بینیان ژمارەیەکی زۆر لەو درێسە دەفرۆشرێ کە وای لێهات لیدسۆن بەو پیتە رازی بوو و یانەی سپۆرتینگ بۆندەکەی لەگەڵ نوێکردەوە و چەندین راهێنەر مەشقیان پێداوە لەوانە جۆزی بییرۆی راهێنەری ئێستای هەڵبژادەی سعودیا، لیدسۆن سوپاسی راهێنەر کارلۆس کیرۆشی کرد کە داوایکرد بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال، ئەم یاریزانە ئێستا خۆشترین کات لە پورتوگال بەسەر دەبات ئەم رۆژانەشی لەبیر نەچێت کە بە پای پەتی لە ڤالنسیا یاری دەکرد و ئەو رۆژەشی لەبیر ناچێت کە تۆپێکی بە دیاری بۆهات شەو تا بەیانی لەسەری خەوت.



## بەرازیلییەکان مێژوو دەگۆڕن

ئۆلیڤرا، کلایتۆن، دیکۆ، پیپی، تافانی، ئۆریلۆ، مارکۆس بە درێژایی مێژوو سەلماندیان کە یاریزانانی بەرازیلی دەتوانین خۆیان بسەلمێنن کە ئاستی بەرزیان دەتوانن وڵاتان ناچار بکەن کە رەگەزنامەیان بۆ بگۆڕن لە مۆندیالی ١٩٣٤ لە ئیتاڵیا، جەماوەری ئەو وڵاتە رادەبەدەر هانی یاریزانی بەرازیلی جیرسیان دەدا لەبەر ئەوەی دایکی بەرەگەز ئیتاڵی بوو و لە ساڵی ١٩٦٢ لە مۆندیالی شیلی یاریزان سورمانی کە بە بیلیای سپی ناسرابوو ئاستێکی بەرزی نیشاندا و لە مۆندیالی ئیتاڵیای ١٩٩٠ هەڵبژاردەی کۆستاریکا رەگەزنامەی بە یاریزان ئەلیکساندەر گیماریشی بەرازیلی دا و توانی دوو گۆڵیش تۆمار بکات، لە مۆندیالی ٢٠٠٢-ش بەشداریکرد و لە پاڵەوانیەتی ١٩٩٨ یاریزان ئۆلیڤێرا لەگەڵ هەڵبژاردەی بەلژیکی کرد و هەردوو یاریزان وانگەر لۆبێز و ئەلێکس دۆس سانتۆس لەگەڵ هەڵبژاردەی ژاپۆن و یاریزان کلاینۆن لە هەڵبژاردەی تونس بەشداریکردووە و لە یۆرۆی ٢٠٠٨ یاریزانی بە رەگەز بەرازیلی ئۆرۆلیۆ لە ریزی هەڵبژاردەی تورکیا بەشداریکرد.





# گرنكترین یارییەكانی دێـــــ

یاری تۆپی پێ یاری یەكەمە لە جیهان و جەماوەرێكی یەكجار زۆر سەیری ئەم یارییە دەكات، زۆربەی كات گوێبیستی یاری دێربی یاخود كلاسیكۆ دەبێن، بەڵام نازانین مانای ئەم وشەیە چییە و گرنكترین یارییەكانی دێربی جیهان كامەیە، فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بە پێویستمان زانی بە كورتی باسی مانای دێربی بكەین و لەگەڵ گرنكترین یارییەكانی دێربی جیهان.

ئا: رێبین رەمزی

## وشەی دێربی چییە؟

یاری دێربی وشـــەیەكی ئینگلیزیـــە و لە یاری ئەســـپ ســـواری هاتووە،لە وڵاتی بریتانیا ئەم وشـــەیە بەكار هاتووە بە مانـــای (یاری گەورە) دێت، ئەم وشـــەیە زۆربەی جار بە كار دێت كاتێك دوو یانە لە هەمان ناوچە یاخود لە یەك شار یاری دەكەن و ركابەری یەكترن یاخود دوو یانە ركابەری ســـەرەكی یەكترن لە مێژووە لەم وڵاتە رووبەرووی یەكتر دەبنـــەوە، یاخود دوو یانە رووبەرووی یەكتر دەبنەوە هەر یانەیەك ســـەر بـــە ئاینەكەن ئەمەش دەبێتە یاری دێربی، نموونەی ئەم یارییانە یەكجار زۆرن لە جیهان.

ئەمەی خـــوارەوە گرنكترین یارییەكانی دێربیە لە جیهان بەم شێوەی خوارەوە.

## هەرێمی كوردستان

كاتێك باســـی دێربی لە كوردستان دەكرێت، ئەوە یاری هەردوو یانەی هەولێر و دهۆك دێتە یاد، ئەم دوو یانەیە هەر لە مێژووە ركابەری سەرەكی یەكتر بوون، تـــا رادەیەك لە خولەكانـــی عێراق هەردوو یانـــە هەوڵیان دەدا ئەنجامی لە یەكتر باشـــتر بە دەســـتبهێنین، یارییەكی تری دێربی هەیە ئەویش دێربی شـــاری هەولێر نێوان هەردوو یانەی هەولێر و بروســـك، ئەوەی جێگای ســـەرنجە لەم یارییە یاریزانەكانی یانەی بروسك زۆربەیان دەچنە یانەی هەولێـــر و بە پێچەوانە یاریزانەكانی یانەی هەولێر دەچنە یانەی بروسك.

هەولێر – دهۆك     دێربی كوردستان

هەولێر – بروسك     دێربی هەولێر

## وڵاتی عێراق

چەندیـــن دێربی هەیە لـــە عێراق كـــە جەماوەر پەرۆشەی ئەم یارییانن بۆ ئەوەی تام و چێژی لەم یارییانە وەربگـــرن، یارییە دێربییەكان لە عێراق بەم شێوەی خوارەوەیە.

جەویە - زەورا     كلاسیكۆ عێراق

جەویە – شورتە     دێربی بەرگری

تەڵەبە - جەویە     دێربی پایتەخت

## دێربییەكانی كیشوەری ئەورووپا

## وڵاتی ئوسكتلەندە

كاتێك باســـی ئوســـكتلەندە دەكەین یەكسەر ناوی هەردوو یانەی سێلتیك و گلاسكۆ رینجرز دێتە بەر گوێمان ئەم دوو یانەیە لە مێژووە ركابەری سەرەكی یەكترن ئـــەم یارییە بە دێربی (گلاســـكۆ یاخود دێربی the old firm) ناوەزد دەكرێت، ئەوەی جێگای سەرەنجە لەم دێربیە، هەر یانەیەك سەر بە ئاینێكە ئەمەش بووتە هۆكاری ســـەرەكی دروست بوونی ئەم ركابەرییە لە نێوان هەردوو یانە، یانەی سێلتیك سەر بە ئاینی مەسیحە، بەڵام كاسۆلیك و یانەی گلاســـكۆ رینجرز سەر بە ئاینی مەسیحە، بەڵام برۆســـتانت ئەمەش هاندەرانی ئوسكتلەندەی بەسەر ئەم دوو یانەیە دابەش كردووە.

سێلتیك – گلاسكۆ رینجرز     دێربی گلاسكۆ - دێربی the old firm

## وڵاتی ئینگلتەرە

یـــاری تۆپی پێ لە وڵاتـــی ئینگلتەرە زۆر پێش كەتـــووە، ئەمەش بووتە هۆكاری دورســـت بوونی چەندین یـــاری دێربی لەم وڵاتە كە گرنكتریان ٥ یاری دێربی هەیە، بەم شێوەی خوارەوەیە.

تۆتنهام - ئەرسناڵ     دێربی باشووری لەندەن

لیڤەرپوول – ئیڤەرتۆن     دێربی شاری لیڤەرپوول

مانچیســـتەر یۆنایتد – مانچستەر سیتی     دێربی شاری مانچستەر

نیوكاســـیل – ســـەندرلاند     دێربـــی شـــاری نیوكاسیل

لیڤەرپـــوول – مانچیســـتەر یۆنایتـــد     دێربـــی ئینگلتەرە – كلاسیكۆی خوێن ( چونكە هەردوو یانە درێسیان سوورە).

## وڵاتی ئیسپانیا

هەرچەندە لە ئیســـپانیا ژمارەیەكی زۆر لە یاری دێربی هەیە، بەڵام گرنكتریان نەوەك لە ئیسپانیا، بەڵكو لـــە جیهان یاری دێربی بەرشـــلۆنە و ریال مەدریدە، لەم یارییـــە ركابەرییەكی یەكجار بەهێز هەیە لە نێوان هەردوو یانە، جەماوەری هەردوو یانە بردنەوە لەم یارییە واتە بە دەستهێنانی پاڵەوانییەتیە چەندین جار كێشـــە دروست دەبێت جا چ لە نێوان یاریزانەكان یاخود جەماوەر یاخود راهێنەرەكانیش، نابێت هیـــچ یاریزانێك لە بەرشـــلۆنە بچێتە ریال مەدرید و بە پێچەوانەوەش راستە گەر هاتووە ئەمە روویـــدا ئەوە ئەم یاریزانە بـــە خائن ناوزەد دەكرێت وەكو یاریـــزان لویس فیگۆ، گرنكترین یارییەكانی دێربی لە ئیسپانیا بەم شێوەیە خوارەوەیە.

بەرشلۆنە – ریال مەدرید     كلاسیكۆی ئیسپانیا

ریال مەدرید - ئەتلتیكۆ مەدرید     دێربی شـــاری مەدرید

بەرشلۆنە – ئیسپانیۆل     دێربی شاری بەرشلۆنە




# ـــربی (کلاسیکۆ) لە جیهان

### ولاتی ئیتالیا

لـــەم ولاتەش چەندیـــن یاری دێربـــی هەیە، کە گرنگتریان دێربی شـــاری میلانۆیە کاتێك هەردوو یانەی ئەی سی میلان و ئەنتەر میلان رووبەرووی یەکتر دەبنەوە ئەم یارییە نەوەك سەرنجی ئیتالیەکان، بەڵکو سەرنجی هەموو جیهان بۆ خۆی رادەکێشی، چەندین یاری دێربی تر هەیە بەم شێوەیە خوارەوە.

ئـــەی ســـی میلان – ئەنتەر میـــلان دێربی میلانۆ

ئەنتەر میلان – یوڤانتس دێربی ئیتالیا

لازیۆ – رۆما دێربی پایتەخت

لازیۆ – لیڤۆرنۆ دێربی سیاســـی (چونکە یانەی لازیۆ ســـەر بە حیزبی راســـتی سیاسیە و یانەی لیڤۆرنۆ سەر بە حیزبی چەپی سیاسیە)

یوڤانتس – تۆرینۆ دێربی تۆرینۆ

### ولاتی پورتوگال

لەم ولاتە دێربی پایتەخـــت هەیە ئەویش لە نێوان هەردوو یانەی بەنفیکا و سپۆرتینگ لیشبۆنەیە.

بەنفیکا – سپۆرتینگ لیشبۆنە دێربی پایتەخت - کلاسیکۆ پورتوگال

### ولاتی تورکیا

گەلاتە سەرای – فەنەرباخچە دێربی ئیستانبوڵ

### ولاتی رووسیا

ســـپارتاك مۆسکۆ – سیسکا مۆسکۆ دێربی مۆسکۆ

### ولاتی سربیا

ریدســـتار بەلگراد – پارتیزان بەلگراد دێربی بەلگراد

### ولاتی فەرەنسا

پاریس ســـان جێرمان – مارسیلیا کلاسیکۆ فەرنسا

مۆناکۆ – نیس دێربی باکوور

### ولاتی هۆڵەندە

ئەیاکس ئەمستردام – فینۆرد دی کلاسیکر

### ولاتی یۆنان

ئۆلۆمپیاکـــۆس – پاناســـینایکۆس دێربـــی دۆژمنایەتی هەتا هەتایی

پاناسینایکۆس – ئەیك ئەسینا دێربی ئەسینا

## دێربییەکانی کیشوەری هەردوو ئەمریکا

### ولاتی ئەرژەنتین

لەم ولاتە هـــەردوو یانەی ریڤەر بلێت و بۆکا جۆنیـــۆر رکابەری ســـەرەکی یەکتـــرن بۆیە کاتێـــك رووبەڕووی یەکتر دەبنـــەوە بە یاری دێربی (بۆینس ئایرس یاخود سوپر کلاسیکۆ) نـــاوزەد دەکرێت هۆکارەکەشـــی بـــۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە یانـــەی بۆکاجۆنیۆر هاندەرەکانی هەموویان کرێکارن، بەڵام زۆربەی هاندەرانی ریڤەربلێت باری دارایان ناوەراســـتە، ئەمەش بووتە هۆی دروســـت بوونی ئەم رکابەرییە لە نێوان هەردوو یانە.

ریڤـــەر بلێت – بۆکا جۆنیۆر دێربی بۆینس ئاریس – سوپر کلاسیکۆ

### ولاتی ئۆروگوای

ناســـیۆنال – بینیـــارۆل ســـوپر کلاسیکۆ

### ولاتی بەرازیل

پالمیراس – کۆرنتیاز دێربی ساوپاولۆ

### ولاتی مەکسیك

کلوب ئەمریکا – سی دی گوادلاخارا سوپر کلاسیکۆ

## دێربییەکانی کیشوەری ئاسیا

### ولاتی ئێران

بیرۆزی – ئیستقلال تهران دێربی پایتەخت

### ولاتی سعودیە

هیلال – نەسر دێربی ریاز

ئیتحاد – ئەهلی دێربی جدە

ئیتحاد – هیلال کلاسیکۆ سعودیە

### ولاتی قەتەر

سد – عەرەبی دێربی قەتەر

عەرەبی – رەیان کلاسیکۆ

## دێربییەکانی کیشوەری ئەفریقیا

### ولاتی تونس

ترجی – صفاقسی دێربی پایتەخت

### ولاتی جەزائیر

ئیتحـــاد جەزائیر – مەولودیـــە جەزائیر دێربی پایتەخت

### ولاتی سودان

مەریخ – هیلال کلاسیکۆ سودان

### ولاتی میسر

زەمالك - ئەهلی دێربی قاهیرە

# گرنگترین ئەو یاریانەی لەماوەی ١٥ ساڵ

لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو چەندین یاری گرنگ و چارەنووســاز لە جیهان ئەنجــام دراوە، بەڵام ئەنجامی یارییەکان بە شێوەیەکی چاوەروانەکراو بە کۆتا هاتووە، ئێمە لە فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بە پێویســتمان زانی لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو باسی ئەو یارییانە بکەین کە بە ئەنجامی ٦ گۆڵ بۆ یانەیەك بە کۆتا هاتووە، تەنیا باسی ئــەو یارییانــە دەکەین کە لە نێــوان دوو یانەی گەورەی جیهان ئەنجامدراوە.

**یانەی میلان – یانەی یۆڤانتس ١-٦ گۆڵ**

لەمیانــی یارییەکانی خولی ئیتاڵیا لە ســاڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ لە رۆژی ٦-٤-١٩٩٧ یانەی ئەی ســی میلان میوانداری یانەی یۆڤانتسی کرد، یانەی یۆڤانتس لەم یارییە توانی بە ئەنجامێکی یەکجار گەورە بــە ئەنجامی ٦-١ گۆڵ بباتەوە و بــووە پاڵەوانــی خولی ئیتاڵیا لــەم وەرزە، لە بەرامبەردا یانەی ئەی ســی میــلان لەم وەرزە پلەی ١١یەمی بە دەستهێنا لە هەمان کاتدا ئەم یارییە دواین یــاری یاریزانی بە توانای یانەی ئەی ســی میلان و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا فرانکۆ بارێزی بوو.

پێکهاتەی هەردوو یانە لەم یارییە.

یانەی میلان: روســی – ماڵدینی – فێرشــود – ریتزێگر – بارێزی – دیســاییە ( تاسۆتی ) – بلومفێســت (رۆبێرتۆ باجیــۆ) – بۆبان – سافیسیفتچ – دۆگاری – سیمۆنی.

یانەی یۆڤانتس: بیرۆتزی – بۆرینی ( بیسۆتۆ ) – دیماس – فیــرارا – یۆلیانۆ – دیلیڤیۆ – یۆجۆفتچ –تاکینادی – بۆسکتچ ( ئەمۆرۆسۆ ) – زیدان (لۆمباردۆ) – ڤێیری.

گۆڵەکانی یارییەکە: یۆجۆفتچ ٢ گۆڵ – ڤێیری ٢ گۆڵ – زیدان – ئەمۆرۆسۆ تۆمار کرا.

**یانەی مانچستەر یۆنایتد - یانەی ئەرسناڵ ٦-١ گۆڵ**

لەمیانــی یارییەکانــی خولی پلــە نایابەکانی ئینگلتەرە بۆ تۆپی پێ، لە رۆژی ٢٥- ٢ -٢٠٠١ لە هەفتەی ٢٨یەمی خولی پلە نایابەکاندا یانەی مانچســتەر یۆنایتد میوانداری یانەی ئەرسناڵی کــرد و توانی بە ئەنجامێکــی یەکجار گەورە لە یانەی ئەرسناڵ بباتەوە (٦-١) گۆڵ، دوای ئەم یارییە یانەی مانچســتەر یۆنایتد بووە پاڵەوانی خولی ئینگلتەرە و یانەی ئەرسناڵ پلەی دووەمی بە دەستهێنا.

پێکهاتەی هەردوو یانە لەم یارییە.

یانەی مانچســتەر یۆنایتد: بارتێز – سیلڤســتر – ســتام – بــراون – گاری نیڤل – ســکۆلز – نیکی بات – رۆی کین ( شادویك) – بێکهام – دوایت یۆرك (شێرنگهام) – سۆلیسکایر.

یانــەی ئەرســناڵ: ســیمان – ئەشــلی کۆڵ (لیۆنبێرگ ) – جریماندی – ســتیبانۆ فس – لۆزنی – ســیلڤینۆ – بارلۆر (فیفاس) – ڤێیرا – پێرس –هێنری – ویلتۆرد.

گۆڵــەکان لە رێگای یاریزانــان : دوایت یۆرك ٣ گۆڵ – رۆی کین – سۆلســکایر – شێرینگهام تۆمار کران.

**یانەی ڤالنسیا – یانەی ریال مەدرید ٦-سفر گۆڵ**

لەمیانی یــاری چوونی پێــش کۆتایی جامی شایی ئیسپانیا یانەی ڤالنسیا میوانداری یانەی ریال مەدریدی کرد لە ســاڵی ١٩٩٩ کە تیاییدا یانەی ڤالنســیا توانی بــە ئەنجامێکی یەکجار گەورە لــە یانەی ریال مەدرید بباتەوە ٦-ســفر گۆڵ، هەرچەندە یانەی ریــال مەدرید پاڵەوانی ئەوروپا بوو، بەڵام ڤالێنســیا بە یارمەتی کاپتنی یانەکــە مێندێتا توانی ئەنجامێکی گەورە تۆمار بکات.

پێکهاتەی هەردوو یانە لەم یارییە.

یانــەی ڤالنســیا: کانیزارێــس – ئەنگلۆمــا –بیۆرکلاند ( ســوریا) – رۆکــی – کاربۆنی – ئەنگلۆ ( بۆبیســکۆ) – میا ( خوان فران) – مێندێتــا- فارینۆس – فلاوفیتچ – کلاودیۆ لۆبێز.

یانــەی ریــال مەدرید: ئەلیگنــر – خایمی – سانشێز (روخاس) – ئیڤان کامبۆ – کارانکا – دورادۆ (تینا)- ســیدۆرف – ریدۆندۆ – گۆتی (ئۆجینینۆ فیتچ) – ساڤیۆ – مۆریانتس.

گۆڵەکانی ئەم یارییە لە رێگای یاریزانان کلاودیۆ لۆبێز – رۆکی ٢ گۆڵ – فلاوفیتج – ئەنگلۆ – مێندێتا تۆمار کران.

**یانەی ئەنتەر میلان – یانەی ئەی سی میلان سفر -٦ گۆڵ**

لەمیانی یارییەکانــی هەفتەی ٣٠یەمی خولی ئیتاڵیا لە ســاڵی ٢٠٠١ یانــەی ئەنتەر میلان میوانــداری یانەی ئەی ســی میلانی کرد کە تیاییدا یانەی ئەنتەر میلان تووشــی شکستێکی یەکجــار گەورە هات و لە نێو یاریگەی خۆی لە



# ــی رابردوو بەئەنجامی گەورە کۆتایی هات

دێربی شاری میلانۆ بە ئەنجامی (٦-سفر) گۆڵ یارییەکەی بەرامبەر ئەی سی میلان دۆراند.

پێکهاتەی هەردوو یانە لەم یارییە.

یانەی ئەنتەر میلان: سبیستیان فری – فیراری – بـلان – سـمیتچ – زانێتـی – فارینۆس (کاویت) – دی باجیۆ ( سـیدۆرف) – دالمات – جریسکۆ – ریکۆبا – ڤێیری .

ڕاهێنەر: مارکۆ تاردیللی

یانەی ئەی سـی میلان: روسـی - هێلفیج – کۆستاکۆرتا – جۆنیۆر – ماڵدینی – گاتۆزۆ – جوینتـی (جولی ) – کالادزە – سـێرجینۆ – شیفشـینکۆ ( لیۆنـاردۆ ) – کۆماندینی ( خۆسیە ماری ) .

ڕاهێنەر: چیزاری ماڵدینی.

گۆڵەکان لە ڕێـگای یاریزانـان : کۆماندینی ٢ گـۆڵ – جوینتی – شیفشـینکۆ ٢ گۆڵ – سێرجینۆ.

## ی – یانەی گلاتەسرای ٦- سفر گۆڵ

لەمیانـی یارییەکانی هەفتـەی ٦-می خولی تورکیا، لە سـاڵی ٢٠٠٢ یانـەی فەنەرباخچە میوانداری یانەی گلاتەسرای کرد، لە یارییەکی بەهێـز و جەماوەریـدا یانـەی فەنەرباخچە بە ئەنجامێکـی یەکجار گەورە توانـی لە یانەی گلاتەسـرای بباتەوە (٦-سفر) گۆڵ، لەم یارییە زیاتر لە ٥٥ هەزار کەس ئامادەی بوون، لەم وەرزە یانەی فەنەرباخچە پلەی شەشەمی بە دەستهێنا، بەڵام جەماوەری یانەکە زۆر خۆشـحاڵ بوون کە توانیان لە یـاری دێربی بە ئەنجامێکی یەکجار گەورە ببنەوە بـەم بۆنەیـەوە هاندەرانی یانەی فەنەرباخچە سـایتێکی ئەلیکترۆنیان دروست کرد بە ناوی (٦ قاسم).

پێکهاتەی هەردوو یانە لەم یارییە.

یانەی فەنەرباخچە: ڕۆشتۆ – جۆنسۆن – ئەکیل – سـتیفتچ – تیمیزکانۆگلـی – واشـنتۆن (جیهۆن) –عزت – تۆنکای – یوسف (یلڎریم) – سیرحات ( جۆنێز) – ئۆرتێگا.

یانـەی گلاتەسـرای: مۆندراگۆن – ئەسـیك – کیرکماز (ئەنسـیفی ) – کریستیان – ئیرگون – بنتـۆ – ئیهان ( ئیـردم) – ئومێد داڤالا – باتیستا (ئومێد کاران ) – حەسەن شاش – هاکان شوکر.

گۆڵـەکان لە ڕێـگای یاریزانـان : تۆنگای – ئۆرتێگا – سیرحات ٢ گۆڵ – جیهۆن – ئومێد تۆمار کران.

## یانەی ئایندهۆڤن – یانەی ئەجاکس ٦-٢ گۆڵ

لەمیانی یارییەکانی هەفتـەی ٣١یەمی خولی نایابی هۆڵەندە بۆ تۆپـی پێ، لە ڕۆژی ١٩-٤ – ٢٠٠٩ یانـەی ئایندهۆڤـن میوانداری یانەی ئەجاکسـی کرد، یانـەی ئایندهۆڤـن توانی بە ئەنجامێکـی یەکجار گەورە لـە یانەی ئەجاکس بباتەوە ٦-٢ گۆڵ.

پێکهاتەی هەردوو یانە لەم یارییە.

یانـەی ئایندهۆڤـن: ئیزاکسـۆن – کۆلینا – مارسـیلێس – بریشیت – سالسیدۆ – سیمۆنس –میندێز ( کرۆمکامب) – مرابت ( لازۆفیتج) – ئەفیلای (باکال) – تویفۆنین – دسۆدزاك.

یانەی ئەجاکس: فیرمێر – ڤان دێر فێل – فیلارت – ئۆلیگێر – فیرمیلین – ئینوە – ئەگسـاتی – ئەنیتا ( فیرتۆنجین) – سوارێز – سفیتانیتج ( سانتیاگۆ ) – ئیمانویلسۆن ( سولێمانی ).

گۆڵەکان لە ڕێگای یاریزانان مێندێز – ئەفیلای – مەرابت – کۆلینا – دسۆدزاك – باکال تۆمار کرا.

## یانەی ریال مەدرید – یانەی بەرشلۆنە ٢-٦ گۆڵ

لەمیانی یارییەکانـی هەفتەی ٣٤یەمی خولی ئیسپانیا، لە سـاڵی ٢٠٠٩ یانەی ریال مەدرید میوانداری یانەی بەرشـلۆنەی کرد، ئەم یارییە مێژوویە بۆ هەموو کەتالۆنیەکان چونکە توانیان ئەنجامێکی مێژووی تۆمار بکەن (٦-٢) گۆڵ لە یانەی شـاهانە ببەنەوە، ئـەم بردنەوەیە بووە هۆکاری سـەرەکی بۆ بە دەسـتهێنانی یانەی بەرشـلۆنە بۆ خولی ئیسپانیا و خولی پاڵەوانانی ئەوروپا و جامی شای ئیسپانیا.

پێکهاتەی هەردوو یانە لەم یارییە.

ریال مەدرید: کاسـیاس – هاینـزە – کاناڤارۆ – میتزێلدێـر – رامـۆس ( ڤان دێر ڤارت ) – مارسێلۆ ( هۆنتیلار) – دیارا – گاگۆ – ڕۆبن (خافی گارسیا ) – هیگواین – رائول.

یانەی بەرشـلۆنە: ڤاڵدێس – پویۆڵ – جیرارد بیکـێ – دانیـال ئەلڤێس – ئەبیـدال – یایا تۆریە (بۆسـکێس) – زاڤی – ئەنێستا (بۆیان) – هێنری (سیدۆ کیتا ) – میسی – ئیتۆ

گۆڵەکان لە ڕێـگای یاریزانان: هێنری ٢ گۆڵ – پویۆڵ – میسـی ٢ گۆڵ – جیرارد بیکێ تۆمار کران.

